# تایبەتمەندیەکانی ئاستی بەشداری سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری

**پ.ی د. سەردار قادر محی الدین [2&1] مەیسون حەویز مەحەمەد [1]**

[1] بەشی سستمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی صلاح الدین – هەولێر

[2] بەشی یاسا/ کۆلێژی یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان/ زانکۆی جیهان – هەولێر

[1] بەشی سستمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی صلاح الدین – هەولێر

**پووختە**

ئەگەر دیموکراسی یەکێك لە باشترین ڕێگاکانی حوکمڕانی بێت، ئەوا بەشدارییەکی کارا لە پرۆسەی سیاسی بەگشتی و پرۆسەی هەڵبژاردن بە تایبەتی، بەباشترینی ئەو ئامرازانە دادەنرێت کە بەهۆیەوە ئیرادەی راستەقینەی هاوڵاتیان لەکایەی حوکمڕانیدا رەنگ دەداتەوە. ئەمە جگە لەوەی بەشداری سیاسی لەهەڵبژاردنەکان، یەکێکە لەو ئامانژانەی کە ئاستی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی پێوەدەپێورێت. لە هەرێمی کوردستان تا ئیستا پێنج خولی جیاوازی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە، ئاستی بەشداری لەهەریەکێکیان هەم لەرووی ژمارەوە، هەمیش لەرووی چۆنایەتیەوە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بۆیە دیراسەکردن لەچوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییە گرنگییەکی زۆری هەیە، لەسەر ئەو بنەمایە ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لەبەراوردکردنی ئەو جیاوازیانە لەگەڵ یەك. توێژینەوەکە لەسەر پرسیارێك بنیاتراوە کە بە هەڵسەنگاندنێکی بەراورکاری لەنێوان هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمدا، ئایا بەشداری سیاسی لەپرۆسەکەدا پەرەی سەندووە؟ وەك وەڵامێکیش بۆ ئەو پرسیارە گریمانەی ئەوە کراوە، بەبەراوردکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە خولی سێیەم و چوارەم پرۆسەی هەڵبژاردن پەرەی سەندووە، هەم لەرووی بەشداری لایەنە سیاسییەکان و هەمیش لەرووی بەشداری هاوڵاتیانەوە لە پرۆسەی دەنگدانەوە. میتۆدی وەصفی و میتۆدی بەراوردکاری بۆ ئەو توێژینەوە بەکارهاتووە. کەبەشێوەکی گشتی لەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە. ئەوانیش تایبەت پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەم بە تایبەتی. هەروەها بەشداری سیاسی و تایبەتمەندییەکانی لەم دوو خولەدا. لەدەرەنجامدا دەردەکەوت، مەبەست لە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردن، دەرخستنی ئاستی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بەسەر ڕێژەی دەنگ و ژمارەی کورسی و ڕێژەی بەشداری سیاسی و ژمارەی لیست.

**وشە سەرەکیەکان:** هەڵبژاردن، سیستەمی هەڵبژاردن، بەشداری سیاسی، پەرلەمانی کوردستان، بەشداری پارتە سیاسیەکان

## 1. پێشەکی

هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە بڕیاریداوە کە دیموکراسی بکاتە بنەمایەك بۆ سیستەمی حوکمڕانی، ئەویش لەرێگەی پیادەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی گرنگترین دامەزراوەی نێو کایەی حوکمڕانی، کە ئەویش ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان) بوو. ئەم هەڵبژاردنەی خولی یەکەم بووە بنەمایەك بۆ ئەوەی لە ماوەی ژیانی سیاسی هەرێم هەڵبژاردنەکان بەردەوامیان پێبدرێت، لەم چوارچێوەیەدا پێنج خولی پەرلەمانی یەك لەدوای یەك لەرێگەی هەڵبژاردنەوە پێکهێنراون. لەبەرامبەردا هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دوای ئەم گواستنەوە دیموکراسییە بەگروتینێکی زۆرەوە بەشداریان لە پرۆسەی هەڵبژاردن کرد وەك رێگایەك بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و گەیاندنی ئیرادەیان بەچۆنییەتی حوکمڕانی کردن لە هەرێمەکەیان. بەڵام لە خولە بەردەوامەکانی هەڵبژاردن ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان گۆڕانکاری بەسەرداهات

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 1، العدد 3 (2022)
أُستلم البحث في 26 سبتمبر2021؛ قُبل في 12 أكتوبر 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 28 يناير 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف: sardar.muhiddeen@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2022 سەردار ، مەیسون. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لەژێر کاریگەری چەندین فاکتەری جیاوازەوە.

## 2. چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 2.1 گرنگی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەك لەسەر ڕێکارە دیموکراسییەکان لەو کیانە سیاسییانەی ئەزموونێکی سەرەتاییان هەیە گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە داواجار دەبێتە بەشێك لەو ڕێگایانەی کە بەهۆیەوە کەم و کوڕییەکانی کایەی حوکمڕانی و پرۆسەی دیموکراسی پردەکرێتەوە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێکی پێویستی نێو پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی دامەزراوەو پرۆسە سیاسییەکانە. جگە لەمە گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوە لە گرنگیدانی بە هەستیارترین بابەتی نێو پرۆسەی دیموکراسیدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەویش بەشداری سیاسی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە، بەئاستی گرنگی بەشداری بۆ پرۆسەی دیموکراسی ئەم توێژینەوە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، چونکە دروست بوونی بەرچاوروونیەك بۆ ئەو بابەتە لەدەرەنجامدا سوودێکی زۆری دەبێت.

### 2.2 ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە چەند ئامانجێکی گشتی و تایبەتی هەیە کە دەیەوێ لەرێگەی دەرخستنی تەوەرەکانی نێو توێژینەوەکە پێیان بگات:

• دەرخستنی داتاو ئامارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

• تیشك خستنە سەر ڕێژەی بەشداری پارت و لایەنە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکان و چۆنییەتی برەودانیان بە پرسی هەڵبژاردن.

• باس کردن لەو شێوازانەی کە کراونەتە فاکتەرێك بۆ ئاسانکاری لەبەردەم هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا

• دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی رۆڵیان هەبووە لە گۆڕانکاری ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەت لەخولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

### 2.3 پرسیاری توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا لەبەردەم چەند پرسیارێکداین، پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی بە هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکاری لەنێوان هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمدا، ئایا بەشداری سیاسی لەپرۆسەکەدا پەرەی سەندووە؟
لەپاڵ ئەمەدا دەکرێ چەند پرسیارێکی لاوەکیش بکەین، لەوانە:

ئایا ڕێژەی بەشداری و چۆنیەتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟

ئایا پرۆسەی هەڵبژاردن لە خولی سێیەم و چوارەم چ جیاوازییەکی هەبوو؟

ئایا ڕێژەی بەشداری لە هەر یەکێك لەم دوو خولە چۆن بووە؟

### 2.4 گریمانەی توێژینەوە

وەك وەڵامێك بۆ پرسیاری سەرەکی، توێژینەوەکەمان لەسەر ئەو گریمانەیە بنیات دەنێین، بەبەراوردکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە خولی سێیەم و چوارەم پرۆسەی هەڵبژاردن پەرەی سەندووە، هەم لەرووی بەشداری لایەنە سیاسییەکان و هەمیش لەرووی بەشداری هاوڵاتیانەوە لە پرۆسەی دەنگدانەوە، ئەمە جگە لەوەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی پەرلەمانیش بەدی دەکرێت و ئۆپۆزیۆنیش گۆڕانکاری بەسەردادێت، هەموو ئەمانە بوونەی هۆی پەرەسەندنی ئەو بەشدارییە.

### 2.5 میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەصفی و میتۆدی بەراوردکاری بەکاردێت، بەشێوەیەك کەوا پێویستمانی بە میتۆدی وەصفی دەبێت بۆ دەرخستنی داتاو ئامارەکانی هەڵبژاردنی هەردوو خولە پەرلەمانییەکە. هەروەها پێویستمان بە میتۆدی بەراوردکاری دەبێت بۆ بەراوردکردنی پرۆسەو دەرەنجامی هەردوو خولەکە لەگەل یەکتر.

### 2.6 پلانی توێژینەوە

جگە لە پێشەکی و دەرەنجام، ئەم توێژینەوە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا لەژێر ناونیشانی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، تیشك دەخرێتە سەر ئامارەکانی هەردووخولەکەو لە پاڵ ئەمەشدا باس لەکورتەیەك لە پەرەسەندنی هەڵبژاردن دەکەین لە هەرێمی کوردستان. بەشی دووەمیش کە تایبەتکراوە بە تایبەتمەندیەکانی بەشداری سیاسی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، تێیدا تیشك دەخرێتە سەر تایبەتمەندییەکانی هەردوو خولی سێیەم و چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

## 3. بەشی یەکەم

**پرۆسەی هەڵبژاردن خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان**

بەرێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بەپلەی یەکەم پەیوەستە بە ئەزموونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە چۆنیەتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردن، چ لەرووی لایەنی ئامادەکاری لەرێگەی سازکردنی یاسا و سیستەمی هەڵبژاردنی تایبەت بە خولەکانی هەڵبژاردن، هەروەها لەرووی تەکنیکی بەرێوەبردن و چاودێری کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، کە ئەمانە هەمووی کاریگەری لەسەر پرۆسەکە دەبێت بەشێوەیەکی گشتی، تەنانەت بەشێك لە دەرەنجامەکانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شێوازە لەبەرێوەبردن و ڕێکخستنەوە. لە هەرێمی کوردستانیش هەر لەسەرەتاوە کە بە ئەزموونێکی تازەدا تێپەری و هەڵبژاردنی ئەنجامدا بۆ دیاریکردنی کابینەی حکومی، بەپێی قۆناغەکانی گەشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پرسی ڕێکخستن و بەرێوەچوونی هەڵبژاردنیش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، ئەمە جگە لەوەی پێگە و ڕێژەی لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردنیش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. لەم تەوەرەیەدا لەرێگەی دوو داواکراوەوە هەوڵدەدەین باس لەو گەشەسەندنانە بکەین کەبەسەر لایەنی ڕێکخستن و زەمینەی یاسایی و لایەنی تەکنیکی بەرێوەچوونی هەڵبژاردن هاتووە لە هەرێمی کوردستان. پاشان بەشێوەیەکی تایبەتتر باس لە خولی سێیەم و چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین لەرووی

ڕێکخستن و بەڕێوەچوونەوە.

## 3.1باسی یەکەم

### پەرەسەندنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورستان

بەپێی مادده (٢) ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق ژماره (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی بەرەی کوردستانی هەڵبژاردن بە دەنگدانێکی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆ سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (التمثيل النسبي)، بە لیستی داخراودەبێت ( ). پاشان یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩ ی مایسی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجام درا بەسەرپەرشتی چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی وەکو ""Interchurch peace council، "Pax Christi International " The Hague, Netherlands Kurdistan "Friendship Society لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژنامە نوسانی بیانی ئەنجامدرا ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە (Ruud Hoff, Michiel Leezenberg, Pieter muller و لەلایەن دامەزراوەی مافی مرۆڤی ئەورووپی " Human Rights Council " لە لەندەن / بروکسل) هاوکاری کرا( ).

ژمارەی دانیشوانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ (٢،٤٣٨،٩٠٠) بوون، کە (١،١١٢،٠٠٠) کەس مافی دەنگدانی هەبووە بەڵام (٩٧١،٩٥٣) کەس دەنگی داوە، واتا ڕێژەی دەنگدەر (٤، ٨٧٪) کۆی دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، هاوکات ژمارەی دەنگە بەتاڵەکان ٤٧٢٤) دەنگ بەو پێیەش (٩٧١،٩٥٣ – ٤٧٢٤ = ٩٦٧،٢٢٩) دەنگی ڕاستەقینەیە.( ) بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە لەلایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ڕاگەیەندرا، کە بەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەڕێوەچوو، لەم خولەدا (٧) لیست چ وەک پارت چ وەک هاوپەیمانی لە ململانێدابوون بۆ بردنەوەی زۆرترین کورسی لە کۆی (١٠٠) کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا چوار لیستی کریستیانی لە ململانێی بردنەوەی زۆرترین کورسی بوون لەو (٥) کورسییەی کە بۆ ئەم پێکهاتە نەتەوەییە تەرخانکرابوو. بەڵام تەنیا لیستی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و لیستی هاوبەشی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشان) چوونە نێو پەرلەمان. لەکۆی ١٠٠ + ٥ کورسی پەرلەمان هەریەکەیان ٥٠٪ ی کورسیەکانیان بەرکەوت ( ). ڕێژەی ٧٪ یان تێپەڕاند بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان، لیستەکانی دیکەش نەیانتوانی هیچ کورسیەک بەدەستبهێنن چونکە نەیانتوانی ئەو ڕێژەیە بەدەستبهێنن، ئەو دەنگانەی لیستە سەرنەکەوتووەکان بەدەستیان هێنا بەسەر دوو لیستە سەرکەوتووەکەدا دابەشکران، بەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان پاش ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و، بۆئەوەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە یەکسانی لەنێوانیاندا دابەشبکرێت، ئەوە بوو هەردوولا پەنجا بە پەنجا کورسیەکانیان لەنێوان خۆیان دابەش کرد( ).

لەبەرئەوەی لەو سەردەمە هیچ تۆمارێکی دەنگدەران نەبوو، هەر بۆیە هەموو هاوڵاتیەک مەرجە یاساییەکەی تیادا بوایە دەیتوانی بچێتە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بدات، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگە لە ساختەکاری بگیرێت، ئەو پێناسەیەی کە هاوڵاتی دەنگدەر پێی بوو کونێکی لێ ئەکرا تا دووبارە دەنگ نەداتەوە. {تەماشای خشتەی ژمارە (٤) بکە}.

خشتەی ژمارە( ١)

بەپێی ئەو داتایانەی لەو سەردەمەدا لەبەردەست بوون و هەڵبژاردنی خولی یەکەمیان پێ ئەنجامدرا ڕێژەی دەنگدەر و دەنگدان بەم شێوەیە بوو:[1]

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئاستی بەشداری دەنگدەران لەپارێزگای دهۆک _١١١،٤٪)، واتە ئەگەر هاوڵاتیان لە (١٠٠٪) ی هاوڵاتیانیش دەنگیان دابێت ئەوا (٢٠٣٥٢) دەنگی زیاتر دراوە بەڕێژەی (١١٪)، لە پارێزگای هەولێر، ئاستی بەشداری دەنگدەران (٩٨،٧٧٪)، لەپارێزگای سلێمانی ئاستی بەشداری دەنگدەران (٧٧،٦٪)، لە هەندێ ناوچەی سەر بە پارێزگای کەرکوکیش ڕێژەی ئاستی بەشداری دەنگدەران (٦١،٥٪).

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ١٣ ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی خولی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەساڵی (١٩٩٢) *دا، هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنەکە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەنجامدرا بە هاریکاری و هەماهەنگی تیمی تایبەتی هەڵبژاردنی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ یەکەمین جار بوو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە عیراق لەساڵی ٢٠٠٣ ئەنجام بدرێت، ئەم هەڵبژاردنە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق (الجمعية الواطنية العراقية) و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ٣٠ ی کانوونی دووەمی٢٠٠٥( ). ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ و پێویست بوو لەهەرێمدا، چونکە ماوەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی یەکەم کۆتایی هاتبوو پێویست بوو هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجامبدرێت، لەم هەڵبژاردنەدا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان جیا لەدانیشتوانی ناوچەکانی تری عێراق لەیەک کاتدا دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی (٣) ئەنجومەنی جیادا

| پارێزگا | دانیشتوان | | ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | ژمارەی دەنگدەرانی بەشداربوو | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | (٪) | | | |
| دهۆک | ٣١٣،٥٠٠ | ١٢،٨٦ | ١٧٨،٠٠٠ | ١٩٨،٣٥٢ | ٪١١١ ،٤٣ |
| هەولێر | ٩٦٣،٧٠٠ | ٣٩،٥١ | ٣٤٠،٠٠٠ | ٣٤٩،١٦٤ | ٪٩٨ ،٧٧ |
| سلێمانی | ١،١٦١،٧٠٠ | ٤٧،٦٣ | ٤٥٠،٠٠٠ | ٣٣٥،٨٢٧ | ٪٧٧ ،٦ |
| هەندێ ناوچەی سەر بە پارێزگای کەرکوک | - | - | ١٤٤،٠٠٠ | ٨٨،٦١٠ | ٪٦١ ،٥ |
| کۆی گشتی | ٢،٤٣٨،٩٠٠ | ١٠٠ | ١،١١٢،٠٠٠ | ٩٦٧،٢٢٩ | ٪٨٧ ،٤ |

ئەوانیش: پەرلەمانی کوردستان، کەلەسنووری پارێزگاکانی _سلێمانی، هەولێر و دهۆک ئەنجامدرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان. هەروەها لەم هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی) و هاوکات لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان، جگە لە حیزبی زەحمەتکێشان و کۆمەڵی ئیسلامی، بەیەک لیست بەشداری هەڵبژارنەکانی عیراق هەرێمیان کرد.( )

له هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا، کە لەیەک بازنەی هەڵبژاردن پێکهاتبوو بۆ هەڵبژاردن (١١١) ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، هەڵبژاردن بە پێی یاسای ژمارە (٤٧) ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای سێیەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق بە سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی بەڕێوەچوو، دەنگدان بە لیستی داخراو بوو، دیاریکردنی ژمارەی کورسیەکان لەسەر بنەمای ڕیزبەندی ناوەکان و ڕێژەی دەنگی هەر لیستێک دیاریدەکرا.

لەم خولەدا لەبەرئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە سێ هێزی کاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بوون. لەگەڵ کۆمەڵێک لە حیزبی دیکەی وەک حیزبی شیوعی کوردستان، پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، پارت و پێکهاتە (تورکمانی و ئاشووریەکان – کلدانی – سریانی و ئەرمەنەکان)، بەیەک لیست بەشداریان کرد. بۆیە ناتوانین بڵێین نەخشەی سیاسی پەرلەمان فرەیی بووە، بەڵکو لەژێر کاریگەریی قۆناغەکەدا کە لە دوایی رووخانی رژێمی بەعس بوو. زیاتر بیر لەوە دەکرایەوە چۆن کورد بتوانێن بەیەک دەنگ و لیست و قەوارەیەکی بەهێزەوە بچێتە بەغدا. لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێن نەخشەی سیاسی پەرلەمانی کوردستان لەخولی یەکەم و دووەمدا زیاتر پێکهاتەیەکی دووانەی بووە واتە (پارتی دیموکرات و یەکێتی نیستمانی) بوون( ).

خشتەی ژمارە ٢)

له هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٥) ژمارە و ڕێژەی (٪) دانیشتوان و ڕێژەی دەنگدەر و دەنگدان بەم شێوەیە بوو:

| پارێزگا | دانیشتوان | | ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | ئەوانەی دەنگیاندا بە ژمارە | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | (٪) | | | |
| دهۆک | ٥٦٢،٠٠٠ | ١٥،٧٦ | ٤٠٤،٣٢٠ | ٣٩٣،٦١٧ | ٣٥، ٪٩٧ |
| هەولێر | ١،٣٤٥،٠٠٠ | ٣٧،٧٢ | ٧٩٥،٢٢٠ | ٦٥٦،٩١٧ | ٦، ٪٨٢ |
| سلێمانی | ١،٦٥٩،٠٠٠ | ٤٦،٥٢ | ٩١٣،٦٤٦ | ٧٤٣،١٠٢ | ٣٣، ٪٨١ |
| کۆی گشتی | ٣،٥٦٦،٠٠٠ | ١٠٠ | ٢،١١٣،١٨٦ | ١،٧٥٣،٩١٩ | ٨٧، ٪٨٤ |




شێوەی ژمارە(١)

ڕێژەیی ئاستی دەنگدان و دەنگنەدان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢

## 4. باسی دووەم

### هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩ و ٢٠١٣)

هەروەک لە ماددەی (٥١) ی یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستانەوە هاتووە، هەڵبژاردنی پەرلەمان هەر چوار ساڵێک ئەنجامدەدرێت. هەر کەسێک تەمەنی ١٨ ساڵ و سەرووتر بێت و هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بێت و ناوی لە تۆماری دەنگدان بێت دەتوانێت بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ و جیهانیانە و بەشێوەیەکی نهێنی دەنگ بدات( ). لە هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی بەرچاو بە ڕۆڵ و هەڵبژاردنەکان پەرلەمانی دراوە، بەرووداوێکی گرنگ هەژمار دەکرێت و جێگای بایەخی پارتە سیاسییەکان و هاوڵاتیانی هەرێم و حکومەتەکانی عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی و زلهێزەکانیش بووە،( ) لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢ – ٢٠١٨) هەڵبژاردن بۆ چوار خولی پەرلەمانی ئەنجامدراوە، لە هەر یەکێک لەو خولانە ژمارە و ڕێژەی بەشداربووان و دەنگدەر و بەربژێر جیاواز بووە، بەردەوام ژمارەی لیستە نوێیەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە زیادبووندابوون و بەردەوامیش ژمارەی لیستە سەرکەوتووەکان بۆ پەرلەمان لە زیادبووندابوون، لەهەمان کاتیشدا هەڵبژاردنەکانی هەرێم هەمیشە بە یەک بازنە ئەنجامدراون، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر سەرکەوتنەوەی لیستە براوەکانی هەڵبژاردن. لەهەر هەڵبژاردنێکدا چەندین پارتی کوردستانی بەشداریان کردووە بەشێوەی لیستی سەربەخۆ یان هاوپەیمانی، لەو ماوەیەشدا پارتی نوێ ڕاگەیەندراوە و بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە. بۆ هەڵسەنگاندنی خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کەلە هەرێم بەرێوەچوون، دەکرێت تاوتوێ بکەین و هەوڵی شیکردنەوەیان بدەین کە لە خوارەوە خستومانەتە روو:

### 4.1لقی یەکەم

هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (٢٠٠٩)

بەهۆی دواکەوتنی پەرلەمان لە هەموارکردن و پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و دواکەوتنی دەرچوونی یاسای هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٠٩، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمان لە هەرێم لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدرا، کە دەبوایە لە ٣١ ی

کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام بدرێت بەڵام دواتر بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەمواری پێنجەم کرا و یاسای ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠٠٩ دەرچوو، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ڕایگەیاند لە دوایی ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٠ ئامادەن بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن( ).

بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/١٩ ئەنجامدرابوو، بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوایان کردبوو هەڵبژاردن لەم ڕێکەوتە ئەنجامدەدرێت، بۆیە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دواکەوت بۆ ٢٥ ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩و، بەپێی یاسای هەموارکراوی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مەرجی کاندیدبوون لە ٣٠ ساڵیەوە بۆ ٢٥ ساڵی کەم کرایەوە. پێش هەڵبژاردنی گشتی، دەنگدانی تایبەت بۆ ئەندامانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و زیندانیان و نەخۆشخانەکان داندرا( ).

لەلایەکی ترەوە بە پێی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٦ کورسی بۆ کەمینەکان تەرخانکرابو، بەجۆرێک هەریەک لە نەتەوەیی (تورکمان) و (کلدان و سریان و ئاشوور) یەکەو (٥) کورسیان بۆ دیاریکرابوو، لەگەڵ کورسییەک بۆ نەتەوەیی ئەرمەن، ڕێژەی کورسیەکانیان بووە (١١) کورسی کە نوێنەرەکانیان کێبرکێیی لەسەر دەکەن، بەم شێوەیە:٥ کورسی بۆ کلدان و سریان و ئاشووریەکان و هەمان کورسی بۆ تورکمانەکان و کورسیەکیش بۆ ئەرمەنەکان( ).

هەڵبژاردنی خولی سێیەم پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ و نزیکەی حەوت مانگ، خولێکی دیکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە سنوری قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراقەوە لە ڕێکەوتی ٢٥ ی یەمووزی ٢٠٠٩ دا( ) بە ئامادەبوونی چەندین چاودێر لەنوێنەری بیانی و نێودەوڵەتی و عەرەبی و ناوخۆیی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەڕێوە چوو، سەرباری بوونی چاودێری قەوارە سیاسیە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، ٢٤ لیست بۆ کێبرکێ لەسەر ١١١ کورسی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، لەئەنجامدا ١١ لیست توانیان کورسی بەدەستبهێنن و بچنە پەرلەمان. لە گرنگترین ئەو لیستانەی ڕێژەی بەرچاوی کورسیەکانی پەرلەمانیان بەدەستهێنابوو بریتی بوون لە: لیستی کوردستانی) کە پێکهاتەی هاوپەیمانێتی نێوان دوو پارتی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە ٥٩ کورسی، لیستی (بزوتنەوەی گۆڕان) بە ٢٥ کورسی، لیستی (خزمەتگوزاری و چاکسازی) کە هاوپەیمانێتی نوێی بوو لەنێوان چوار پارتی کوردستانی کاریگەر: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان،حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) بە ١٣ کورسی، لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی بە ٢ کورسی، لیستی پێکهاتە نەتەوەیەکانیش بە ١١ کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا لیستی هەمەجۆری کێبرکێکار و فرە ڕەنگ بەشداریان کرد( ).

لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش ئەنجامدرا و دەنگی بۆدرا، ئەویش بە پشتبەستن بەیاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراوی دووەمی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیراق. (٥) پاڵێوراو چوونە کێبرکێیی هەڵبژاردنەوە، بریتی بوون لە: سەفین حاجی شێخ محەمەد، مەسعود بارزانی، حسێن گەرمیانی، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، د.کەمال میراودەلی) { تەماشای خشتەی ژمارە (٥) بکە}، مەسعود بارزانی توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و ببێتە کاندیدی براوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کۆی ئەو دەنگانەی بەدەستیهێنابوو ١،٢٦٦،٣٩٧ بوو بە ڕێژەیی (٦٩،٦٠٪) دەنگی دەنگدەرانی بەشداربوو( ).

خشتەی ژمارە ٣)

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان٢٠٠٩

| ژمارە | ناوی پاڵێوراو | کۆی دەنگەکان | (٪) |
|---|---|---|---|
| ١١ | سەفین حاجی شێخ محەمەد | ١٨٨٩٠ | ٪١،٠٣ |
| ١٢ | مەسعود بارزانی | ١٢٦٦٣٩٧ | ٪٦٩،٦٠ |
| ١٣ | حسێن گەرمیانی | ١٠٦٦٥ | ٪٠،٥٨ |
| ١٤ | هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد | ٦٣٣٧٧ | ٪٣،٥ |
| ١٥ | د.کەمال میراودەلی | ٤٦٠٣٢٣ | ٪٢٥،٣ |
| کۆی گشتی | | ١٨١٩٦٥٢ | ٪١٠٠ |

## 4.2لقی دووەم

### هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢١ ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٣ بەڕێوەچوو، لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، بۆ یەکەمجار تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە لیستی سەربەخۆ و جیا بەشداریان کرد، پرۆسەی هەڵبژاردن لەسایەی کێبرکێیەکی بەهێزی نێوان هێزە سیاسیەکان لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمدا بەڕێوەچوو. تیایدا (٣١) لیست بەشداری پرۆسەکەیان کرد و کەوتنە کێبرکێ لەسەر (١١١) کورسی پەرلەمانی کوردستان. لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەدا (١٧) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن( ). کە بریتی بوون لە لیستەکانی: پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ڕافیدەین، ئەرمەن، پێشکەوتنی تورکمان، بەرەی تورکمانی، گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، هەولێری تورکمانی، ئاراستەی سێیەم، گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری، ئەبناء ئەلنەهرەین، حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و لیستی ئازادی( ).

بە پێی یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بۆ خولی سێیەم دوو ساڵ درێژکرایەوە، کە دەرفەتی زیاتری نەدەدا بە درێژکردنەوەی، بۆیە هەردوو دەزگای پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکە هانایان بردە بەر ئەنجومەنی شورای هەرێم، ئەنجومەنی شورا بڕیاری دا کەوا پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم چوڵ نابێت، بەڵکو ماوەی ویلایەتەکەی کۆتایی دێت، سەرۆکیش لەکارەکانی بەردەوام دەبێت تا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی نوێ( ).




شێوەی ژمارە(٢)
لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢و٢٠١٣)




شێوەی ژمارە(٣)
لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢ - ٢٠١٣) کە کورسیان لە پەرلەمان هەبووە.

بەگەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم، دەبینین هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن ژمارەی لیستە بەشداربووەکان لە زیادبوون و هەڵکشانی بەردەوام دا بوون، بەجۆرێک هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن لیستی نوێ هاوپەیمانی، پارت، کەسایەتی) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان کردووە و لە ململانێیەکی توندابوون بەمەبەستی سەرکەوتن بۆ پەرلەمان و بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی، وەک لە شێوەی ژمارە (٢) دەبینین لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (١١) لیست بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام پاش (١٣) ساڵ و لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەی لیستەکان زیاد دەبێت بۆ (١٣) لیست و بەرێژەی (١٨،١٨٪)ی لیستەکانی خولی پێشوو زیاد دەبن، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەی لیستە ململانێکارەکان دەبێت بە (٢٤) لیست، بەرێژەی (٦،٨٤٪) ی لیستەکانی خولی پێشوو زیاد بووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەکە زیاد بووە بە (٣١)* لیست بەرێژەی (١٦،٢٩٪) ی هەڵبژاردنی خولی پێشوو زیاد بووە. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت و ئەمەش لەلایەک زیادبوونی ڕێژەی حزب و لیستە جیاوازەکان نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەش ئاستی واڵابوون و فراوانی دەرفەتی بەشداربوونی زیاتری پێکهاتە دەخاتەڕوو لەنێوەندی پەرلەمانی کوردستان کە بێگومان گەر پەرلەمان هەستی پارتایەتی تێدا لاواز بوایە و سەربەخۆ بوایە بڕیاردان وەک دامەزراوەیەکی گرنی سیاسی لە کۆمەڵدا، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان بەژەوەندی گشتی داخوازی و گرنگی و خزمەتکردنی کۆمەڵەکەیان بخەنەڕوو و پێش بەرژەوەندی حزبەکانیان، ئەوا بوونی فرەدەنگی و فرەڕەنگی لەنێو پەرلەماندا کاریگەری زیاتری دەبێت بۆ پرۆسەی بڕیارسازی کە لە خزمەتی کۆی هاوڵاتی دادەبێت ( ) .




شێوەی ژمارە(٤)ڕێژەیی ئاستی دەنگدان و دەنگنەدان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٥

ئەگەر بڕوانین لە شێوەی ژمارە (١ و ٤) بۆمان دەردەکەوێت، کەوا هۆکاری بەرزی بەشداریکردنی دەنگدەران لە ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندی هەیە بە ڕزگاری و پێکهێنانی سیستمی سیاسی سەربەخۆی خۆی کە لەو ساڵەدا هاتەدی و خەڵک بەگڕوتینەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد، بەڵام ململانێی پارتە سیاسییەکان لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات لەدەرەوەی چوارچێوەی یاسا و پێوەرە دیموکراسییەکان، ناکارایی حکومڕانی ئەو سەردەمە بەهۆی ئەم هۆکارە سیاسییە، کەمی سەرچاوەکانی ئابووری بۆ بەڕێوەبردنی باش، فاکتەری تری ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی هۆکاری سەرەکی پشت کەمبوونەوەی بەشداریەکە بوون لەهەڵبژاردنی خولی دووەم لە ساڵی ٢٠٠٥ کە بەرێژەی (١٢٪) کەمبوەوە، دواتر لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا لە ساڵی ٢٠٠٩دا بەهۆی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن، هەڵماڵینی پەردە لەسەر گەندەڵی زۆر، چڕبوونەوەی قەیرانەکان و بێ باکی دەسەڵات لەسزادانی گەندەڵکاران بووە هۆی دابەزینی زیاتری بەشداری سیاسی و متمانەی سیاسی بەرێژەی (٢١،٧٦٪)( ).

خشتەی ژمرە (٤) خولی سێیەم نەخشەی بەشداری سیاسی و نەخشەی دەنگدەران

| ژمارەی دانیشوان | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشدار | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ٤٠٢٥٧٥٠ | ٢٤٨٥٢٤٨ | ١٩٤٤٥٥٥ | ٧٨،٢٤٪ |

ئەم خشتەیە ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانمان نیشاندەدات، کە لەکۆی (4025750) ی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، (2485248) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، لەوانەش (1944555) کەس بەشداری دەنگدانەکەیان کردووە کە دەکاتە ڕێژەی ٧٨،٢٤٪ی دەنگدەرانی هەرێم.

خشتەی ژمارە (٥) نەخشەی دەنگدەران بە پێی شوێنی جوگرافی لە خولی سێیەم

| پارێزگا | ژ. دەنگدەر | ژ. بەشدار | ناو شار | ڕێژەی٪ | دەرەوەی شار | ڕێژەی٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | ٥٢١٣٠ | ٤٤٩٣٢ | ٣٤٥٥٣ | ٦٢،٢٨ | ١٠٣٧٩٠ | ٢٩،٠٣ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٦ | ٠ | ٠ | ٪ | | ٪ |
| هەولێر | ٨٩٦٦٨ ٣ | ٦٩٦٣٠ ٢ | ٤٣٠٣٢ ٠ | ٤٧،٩٩ ٪ | ٢٦٥٩٨٢ | ٢٣،٠٥ ٪ |
| سلێمانی | ١٠٦٧٢ ٥٩ | ٧٩٨٩٣ ٣ | ٥٢٥٣٨ ٧ | ٤٩،٢٢ ٪ | ٢٧٣،٥٤ ٦ | ١٥،٠٨ ٪ |

بەپێی ئەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەشداری سیاسی لەناو شار زیاترە وەك لە دەرەوەی شار.

خشتەی ژمارە (٦) نەخشەی دەنگدەران بە پێی ڕەگەز لە خولی سێیەم

| ژمارەی دانیشتوان | ژ دەنگدەر | ژمارەی بەشدار | ژ. پیاو | ڕێژە | ژ. ئافرەت | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٢٥٧ ٥٠ | ٢٤٨٥٢ ٤٨ | ١٩٤٤٥ ٥٥ | ١٢١٣٣ ١٩ | ٤٨، ٨٢٪ | ١١٨٨٤ ٧٦ | ٤٧،٨٢ ٪، |

بەپێی ئەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەشداری سیاسی ڕەگەزی پیاوان زیاترە لە ڕەگەزی ئافرەتان، ئەوەتا پیاوان بەرێژەی (٤٨،٨٢٪) بەشداریان کردووە کەچی ئافرەتان بە ڕێژەی (٤٧،٨٢٪).

خشتەی ژمارە (٧) نەخشەی دەنگدەران بە پێی لیستی حیزبە سیاسیە دەسەلاتدارەکان لە خولی سێیەم

| ناوی حیزب | ڕێژەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی دەنگدەران لە کۆی گشتی |
|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٨،١٤٪ | ٢٢،٠٢٪ |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢٧،٢٠٪ | ٢١،٢٨٪ |
| حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١،٩٠ | ١،٤٩٪ |
| حیزبی شیوعی کوردستان لیستی ئازادی) | ٠،٧٧٪ | ٠،٦٠٪ |
| بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان – عیراق | ١،٣٩٪ | ١،٠٩٪ |
| حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان حزبی ئاینده) | ٠،٩٥ | ٠،٧٤٪ |
| لیستی هەولێری تورکمانی لە کوردستان | ٠،٢٠ | ٠،١٥٪ |
| ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری | ٠،٥٤٪ | ٠،٤٢ |

خشتەی ژمارە (٨) نەخشەی ڕێژەی دەنگی پارتە دەسەلاتدارەکان لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

| ژمارە | پارتی سیاسی | ژمارەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی ٪ بەدەستهێنانی دەنگ | ڕێژەی ٪ دەنگی بەدەستهاتوو لە کۆی گشتی بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥٤٧٣٢٣ | ٢٨،١٤٪ | ٢٢،٠٢٪ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٥٢٩٠٤٧ | ٢٧،٢٠٪ | ٢١،٢٨٪ |
| ٣ | حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٣٧٠٥٣ | ١،٩٠ | ١،٤٩٪ |
| ٤ | حیزبی شیوعی کوردستان | ١٥٠٢٨ | ٠،٧٧٪ | ٠،٦٠٪ |
| ٥ | بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان – عیراق | ٢٧١٤٧ | ١،٣٩٪ | ١،٠٩٪ |
| ٦ | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ١٨،٥٤٦ | ٠،٩٥ | ٠،٧٤٪ |
| ٧ | لیستی هەولێری تورکمانی لە کوردستان | ٣٩٠٦ | ٠،٢٠ | ٠،١٥٪ |
| ٨ | ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری | ١٠٦٠٠ | ٠،٥٤٪ | ٠،٤٢ |
| کۆ | ٨ پارتی سیاسی | ١١٨٨٦٥٠ | ٦١،٠٩ | ٤٧،٩٧٪ |

کەواتە حکومەت دروستبوو نوێنەرایەتی ٣،٤٠٪ دانیشتوانی هەرێمی دەکرد، وەک ئەندامی بەدەستهێنا بۆ کورسی خۆیان.

خشتەی ژمارە (٩) خولی چوارەم نەخشەی بەشداری سیاسی و نەخشەی دەنگدەران

| ژمارەی دانیشوان | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشدار | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ٤،٥٥٣٧،١٩٤ | ٢،٨٠٣،٢٨٣ | ١،٩٦٨،٧٧٥ | ٧٣،٩٪ |

خشتەی ژمارە (١٠) نەخشەی دەنگدەران بە پێی شوێنی جوگرافی لە خولی چوارەم

| پارێزگا | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشداربوان | ناو شار | ڕێژەی ٪ | دەرەوەی شار | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | ٦١٥٣٦٨ | ٤٤٣٨٠٧ | ٣٤٥٥٣ ٠ | ٥٥،١٥٪ | ٩٨٢٧٧ | ١٥،٩٧٪ |
| هەولێر | ٩٩١٩٦٠ | ٧٠٦٤٨٨ | ٤٠٣٣٢ ٠ | ٤٠،٦٥٪ | ٣٠٣١٦٨ | ٣٠،٣٦٪ |
| سلێمانی | ١١٩٥٩٥ ٥ | ٨١٨٤٨٠ | ٥٤٤٩٣ ٤ | ٤٥،٥٦٪ | ٢٧٣٥٤٦ | ٢٢،٨٧٪ |

کەواتە بۆمان دەردەکوێت، ڕێژەی ناوشار لەم خولەدا بەڕێژەی (١٨،١٣٪) کەمی کردووە،و بەپێچەوانەوە ڕێژەی بەشداری سیاسی لە دەرەوەی شار بە ڕێژەی (٥،٨٧٪) زیادیکردووە.

خشتەی ژمارە (١١) نەخشەی دەنگدەران بە پێی ڕەگەز لە خولی چوارەم

| ژمارەی دانیشتوان | ژ دەنگدەر | ژمارەی بەشدار | ژ. پیاو | ڕێژە | ژ. ئافرەت | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤،٥٥٣،١ ٩٤ | ٢،٨٠٣،٢ ٨٣ | ١،٩٦٨،٧ ٧٥ | ١٠٤٦٦ ٤٢ | ،٣٧ ٣٣٪ | ٨٨٨٩ ١٣ | ،٣١ ٧٠٪ |

ئەگەر بەوردی لەو داتاو ژمارانە وردبینەوە کە دەربارەی هەردوو خولی سێیەم و چوارەمی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان خراونەتەڕوو، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەشێک لەو هاوڵاتیانەی کە مافی دەنگدانیان هەبووە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریان نەکردووە.( )

خشتەی ژمارە (١٢) نەخشەی دەنگدەران بە پێی لیستی حیزبەکان لە خولی چوارەم

| ناوی حیزب | ڕێژەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی دەنگدەران لە کۆی گشتی |
|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٧،٧٨٪ | ٢٦،٢٦٪ |

| | | |
|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٪١٧،٨٠ | ٪١٢،٥٠ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٪٢٤،٢١ | ٪١٧،٠٠ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٪٩،٤٨ | ٪٦،٦٦ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٪٦،٠٢ | ٪٤،٢٢ |
| لیستی هەولێری تورکمانی لە کوردستان | ٪٠،٠٩ | ٪٠،٠٦ |
| ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری | ٪٠،٢٩ | ٪٠،٢٠ |

خشتەی ژمارە (١٣) نەخشەی ڕێژەی دەنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

| پارتی سیاسی | ژمارەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی ٪ بەدەستهێنانی دەنگ | ڕێژەی ٪ دەنگی بەدەستهاتوو لە کۆی گشتی بەشداربووان |
|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٧٤٣٩٨٤ | ٪٣٧،٧٨ | ٪٢٦،٢٦ |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣٥٠٥٠٠ | ٪١٧،٨٠ | ٪١٢،٥٠ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٤٧٦٧٣٦ | ٪٢٤،٢١ | ٪١٧،٠٠ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٨٦٧٤١ | ٪٩،٤٨ | ٪٦،٦٦ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١١٨٥٧٤ | ٪٦،٠٢ | ٪٤،٢٢ |
| لیستی هەولێری تورکمانی لە کوردستان | ١،٩٥١ | ٪٠،٠٩ | ٪٠،٠٦ |
| ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری | ٥٧٣٠ | ٪٠،٢٩ | ٪٠،٢٠ |

## نەخشەی ڕێژەی دەنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان لە هەر چوار خولی پەرلەمانی کوردستان و خولی سێیەم و چوارەم بەتایبەتی

خشتەی ژمارە (١٤)نەخشەی ڕێژەی دەنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

| ژمارە | پارتی سیاسی | ژمارەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی ٪بەدەستهێنانی دەنگ | ڕێژەی ٪ دەنگی بەدەستهاتوو لە کۆی گشتی بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣٧٨٧٩ | ٪٤٥،٢٧ | ٪٣٩،٣٧ |
| ٢ | حیزبی شیوعی کوردستان | ٢١١٢٣ | ٪٢،١٨ | ٪٨٩،١ |
| ٣ | بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری | ٦٥٤٣ | ٪٦٧،٠ | ٪٥٨،٠ |
| ٤ | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٢٥٤٣٠ | ٪٢،٦٢ | ٪٢٨،٢ |
| ٥ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٤٢٣٨٣٣ | ٪٤٣،٨١ | ٪١٢،٣٨ |
| کۆ | ٥ پارتی سیاسی | ٩١٤٨٠٨ | ٪٩٤،٥٥ | ٪٨٢،٢٤ |

خشتەی ژمارە (١٥) نەخشەی ڕێژەی دەنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان لەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان

| ژمارە | پارتی سیاسی | ژمارەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی ٪ بەدەستهێنانی دەنگ | ڕێژەی ٪ دەنگی بەدەستهاتوو لە کۆی گشتی بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٧٦٥٥٤٢ | ٪٦٨،٤٣ | ٪٢٢،٣٦ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٦٩٦١٢١ | ٪٦٨،٤٩ | ٪٩٤،٣٢ |
| ٣ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٣٣٢٠٦ | ٧،٥٩ | ٪٦،٣٠ |
| ٤ | حیزبی شیوعی | ٣٩٨١٧ | ٪٢،٢٧ | ٪١،٨٨ |
| ٥ | حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١٠٩٠٠ | ٪٠،٦٢ | ٪٠،٥١ |
| ٦ | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٢٠٥٨٥ | ٪١،١٧ | ٪٠،٩٧ |
| ٧ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٨٥٢٣٧ | ٪٤،٨٥ | ٪٤،٠٣ |
| ٨ | پارتی کاری دیموکراتی کوردستان | ١١٧٤٨ | ٪٠،٦٦ | ٪٠،٥٥ |
| ٩ | بزوتەنوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | ١٠٩٥٢ | ٪٠،٦٢ | ٪٠،٥١ |
| ١٠ | لیستی بێلایەن | ١٠٢٦٢ | ٪٠،٥٨ | ٪٠،٤٨ |
| ١١ | پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | ٩٠٨١ | ٪٠،٥١ | ٪٠،٤٢ |
| ١٢ | تەجەموعی کۆماری عیراق | ٩٤٩٩ | ٪٠،٥٤ | ٪٠،٤٤ |
| ١٣ | بەرەی نیشتمانی وەحدەی عیراق | ٨٢٥٥ | ٪٠،٤٧ | ٪٠،٣٩ |
| ١٤ | بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان | ٦٦٩٠ | ٪٠،٣٨ | ٪٠،٣١ |
| ١٥ | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٥٥٠٦ | ٪٠،٣١ | ٪٠،٢٦ |
| ١٦ | حیزبی ئەخای وەتەنی عیراقی | ٣٤٢٢ | ٪٠،١٩ | ٪٠،١٦ |
| ١٧ | ڕەوتی نیشتمانی کوردستان | ٢٠١٨ | ٪٠،١١ | ٪٠،٠٩ |
| کۆ | ١٧ پارتی سیاسی | ١،٨٢٨٨٤١ | ٪١٠٤،١٩ | ٪٨٥،٤٦ |

خشتەی ژمارە (١٦) نەخشەی ڕێژەی دەنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

| ژمارە | پارتی سیاسی | ژمارەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی ٪ بەدەستهێنانی دەنگ | ڕێژەی ٪ دەنگی بەدەستهاتوو لە کۆی گشتی بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥٤٧٣٢٣ | ٪٢٨،١٤ | ٪٢٢،٠٢ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٥٢٩٠٤٧ | ٪٢٧،٢٠ | ٪٢١،٢٨ |
| ٣ | حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٣٧٠٥٣ | ١،٩٠ | ٪١،٤٩ |
| ٤ | حیزبی شیوعی کوردستان | ١٥٠٢٨ | ٪٠،٧٧ | ٪٠،٦٠ |
| ٥ | بزوتنەوەی ئیسلامی | ٢٧١٤٧ | ٪١،٣٩ | ٪١،٠٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کوردستان – عیراق | | | |
| ٦ | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ١٨٥٤٦ | ٠،٩٥ | ٪٠،٧٤ |
| ٧ | لیستی هەولێری تورکمانی | ٣٩٠٦ | ٠،٢٠ | ٪٠،١٥ |
| ٨ | ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری | ١٠٦٠٠ | ٪٠،٥٤ | ٠،٤٢ |
| کۆ | ٨ پارتی سیاسی | ١١٨٨٦٥٠ | ٪٦٠،٠٩ | ٪٤٧،٧٩ |

خشتەی ژمارە (١٧) نەخشەی ڕێژەی دەنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

| ژمارە | پارتی سیاسی | ژمارەی دەنگدەرانی بەشداربوو | ڕێژەی ٪بەدەستهێنانی دەنگ | ڕێژەی ٪ دەنگی بەدەستهاتوو لە کۆی گشتی بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٧٤٣٩٨٤ | ٪٣٧،٧٨ | ٪٢٦،٢٦ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣٥٠٥٠٠ | ٪١٧،٨٠ | ٪١٢،٥٠ |
| ٣ | بزوتنەوەی گۆڕان | ٤٧٦٧٣٦ | ٪٢٤،٢١ | ٪١٧،٠٠ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٨٦٧٤١ | ٪٩،٤٨ | ٪٦،٦٦ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١١٨٥٧٤ | ٪٦،٠٢ | ٪٤،٢٢ |
| ٦ | لیستی هەولێری تورکمانی لە کوردستان | ١،٩٥١ | ٪٠،٠٩ | ٪٠،٠٦ |
| ٧ | ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری | ٥٧٣٠ | ٪٠،٢٩ | ٪٠،٢٠ |
| کۆ | ٧ پارتی سیاسی | ١٨٨٣٦١٦ | ٪٩٥،٦٧ | ٪٦٦،٠٩ |

خشتەی ژمارە (١٨) ڕێژەی دەنگدەر و دەنگدان لەخولی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا

| خولی | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشداربووان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٢٤٣٨٩٠٠ | ١١١٢٠٠٠ | ٩٧١٩٥٣ | ٪٨٧،٤ |
| دووەم | ٣٥٦٦٠٠٠ | ٢٢٩٠٧٣٦ | ١٧٩٣٦٣٦ | ٪٨٤،٨٧ |
| سێیەم | ٤٠٢٥٧٥٠ | ٢٤٨٥٢٤٨ | ١٩٤٤٥٥٥ | ٪٧٨،٢٤ |
| چوارەم | ٤٥٥٣١٩٤ | ٢٨٠٣٢٨٣ | ١٩٦٨٧٧٥ | ٪٧٣،٩ |

## 5. بەشی دووەم

### تایبەتمەندیەکانی بەشداری سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەم

پرۆسەی بەشداری سیاسی لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەم و چوارەم بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە لە خولەکانی دیکە کە ناوەڕۆکەکەی دیاریدەکەن، هەرچەندە نەخشەی سیاسی پێشووی هەرێمی کوردستان ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵبژاردنەکان و دەنگی هاوڵاتیان ڕۆڵێکی زۆریان لە کێشانی نەخشەی سیاسی هەرێمدا هەیە. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم باسە ئەم تەوەرانەی خوارەوە لە دوو داواکراودا دەخاتە ژێر باس و تاوتوێکردنەوە:

### 5.1باسی یەکەم

#### تایبەتمەندیەکانی بەشداری سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم

هەر هەڵبژاردنێك تایبەتمەندی و ڕێکخستنی خۆی هەیە بۆ چۆنیەتی بەرێوەچوونی، هەر لەرووی زەمینەسازی یاساییەوە لە دارشتنی یاسای هەڵبژاردن تا ڕێکخستنی کاروباری تەکنیکی و کارگێری لەلایەن کۆمسۆنی تایبەت بە بەرێوەچوونی هەڵبژاردن. لەبەر ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگۆرێت، هەروەها لە خولێك بۆ خولێکی تر دەگۆڕێت، واتە هەر پرۆسەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج بدەینە بەشداری سیاسی لەپرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، دەبینین کە ئەم تایبەتمەندییانە لە خولێك بۆ خولێکی دیکە گۆڕاوە، بۆیە ئێمە لەم داواکراوەدا لەمیانەی حەوت لقی یەك بەدوای یەکدا تیشك دەخەینە سەر رەهەندە جیاواز و تەواوکەرەکانی تایبەتمەندییەکانی ئەم بەشدارییە. لەوانە: سیستەمی هەڵبژاردنی پەیرەوکراو، تۆماری دەنگدەران، دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی کارا، ساختەکاری لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥، بانگەشەی هەڵبژاردن، ژمارەی ئەندامانی فراکسیۆنەکان، ئاستی خوێندنی پەرلەمانتاران. لە خوارەوەش باسی گرنگترینیان دەکەین:

### 5.2لقی یەکەم

#### سیستەمی هەڵبژاردنی پەیڕەوکراو

سیستەمی هەڵبژاردن بریتییە لە گۆڕینی دەنگی دەنگدەران بۆ کورسی پەرلەمانی و کاریگەری لەسەر دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن دەبێت، کارتی دەنگدان، تۆمارکردنی دەنگدەران و چۆنیەتی هەژمارکردنی دەنگەکان( ). لەم خولەدا بە پێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە ١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو و یاسای ژمارە ٥) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو و سیستەمی هەڵبژاردنێک پەیڕەوکرا،( ) کە پێی دەوترێت سیستەمی هەڵبژاردنی لیستی داخراو لەسەر بنەمای سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی( ). ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی زۆری دەنگەکان هەبوو و ڕێژەی کورسیەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات.

### 5.3لقی دووەم

#### تۆماری دەنگدەران

هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عیراق، تۆماری دەنگدەرانیش پەیوەندی بە

سەرژمێری دانیشتوانەوە هەیە، بۆیە دەبێت هەرێم پەنا بباتەوە بەر ئەو سەرژمێر و داتایانەی حکومەتی عیراق لەماوە جیاجیاکاندا کردوونی. جا لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا ئەنجامدرا، ئەو تۆمارە دەنگدەرانەشی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پشتی پێ بەست، داتاکانی کارتی خۆراکی هاوڵاتیان بوو، بۆیە بەهۆی گومانی لایەنە سیاسییەکان لە تۆماری دەنگدەران و بوونی ژمارەیەکی زۆری ناوی ساختە لە تۆمارەکە، ئەم تۆمارەی دەنگدەران یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە بۆیەکەمینجار لە خولی سێیەمدا، پەرلەمانتاران لەیاداشتێکدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردبوو و ٣٩) ئیمزای بەسەرەوە بوو داوای پاککردنەوەی تۆمارەکەیان دەکرد، لەئەنجامدا لەمانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١٣ دا بەبڕیاری ژمارە ١) ی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمان لە ٢٠١٣/٧/١٧) لیژنەیەکی پەرلەمانی لە نوێنەرانی فراکسیۆنە جیاجیاکان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو پرسە پێکهات، لیژنەکە دوای دوو مانگ لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی وەک: کۆمسیۆن، وەزارەتەکان ناوخۆ و بازرگانی و تەندروستی)،گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو تۆمارە سەدان هەزار ناوی مردوو و دووبارە و ساختەی تێدا بوو، بەپێی یاسا دەبوایە پەرلەمان کۆبونەوە لەسەر ئەم ڕاپۆرتە بکات و بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە و گرژی و ململانێی لایەنە سیاسیەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاپۆرتەکەی پشتگوێ خست و کۆبونەوەکەی ئەنجام نەدا.ئەم تۆمارەی دەنگدەرانەش کاریگەری لەسەر بەشداری و کورسیەکان و دەنگەکانی خەڵک کرد بەوەی هاوڵاتی متمانەی سیاسی لەدەستداوە ئەمەش ئەوە دەدراخات بەبەراورد بە هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەم و دووەم ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان کەمی کردووە ( ).

## 5.4لقی سێیەم

### دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت پێشتر جۆری دیکەی ئۆپۆزسیۆنی ئاشتیخواز و چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەنجومەنی نیشتمانی بوونیان هەبوو بەڵام کارا نەبوو، بۆ نموونە لیستی ئیسلامییەکان کە لە (بزووتنەوەی ئیسلامی و ئیسلامییە سەربەخۆکان) پێکهاتبوو، لە پلەی سێیەمدا بوو لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا و زیاتر لە ٥٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، بەمەش (بزووتنەوەی ئیسلامی) بەشداری حکومەتی نەکرد و بوو بە ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەنجومەنی نیشتمانی، دواتر بەشداری لە حکومەتی هەرێم دا کرد کە لە دوای ٣١ ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ پێکهات، جۆرێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار وەک (کۆمەڵی پشتیوانانی ئیسلام أنصار الأسلام) پەیدابوون کە لە ٤ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرا، ئۆپۆزسیۆنێکی دیکەش بەناوی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقی) هەبوو کە تا ساڵی ٢٠١٣ بەشداری هیچ لە هەڵبژاردنەکانی نەکردووە بەڵام چالاکی ڕاگەیاندن و سیاسی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە دەسەڵاتەکانی هەرێم هەبووە،( ) هەروەها یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ باسی لە پرسی گەندەڵی کرد، دواتر لەلایەن ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشی کرایە سەری و بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی سوتا، و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیەکەشی کوژرا، سەرباری بوونی چەند پێکهێنانی بزاوت و ڕەووتی ئۆپۆزسیۆنی میللی و مەدەنی و دەرکەوتنی میدیای ئازاد و کۆمەڵەکانی فشار، لە دیارترین ئەم هەوڵانەش ئەوەبوو لە ٥ ی ئایاردا سەرهەڵدانێکی ڕەوتێک بوو بەناوی (هەتا کەی) کە توێژێک لە ڕۆشنبیر و چالاکوانان و کەسایەتی یاسایی و ئەکادیمی و سیاسی و ڕۆشنبیری و میدیای ئەندامی بوون بە تایبەتیش لە ناوەندنی زانکۆکان، دەتوانین (بزوتنەوەی هەتا کەی) بە بەردێکی بنەڕەتیی ئەو ئۆپۆزسیۆنە سیاسیە دابنێین، کە دواتر لە هەرێمدا دروستبوو. هەروەها چوار پارتی کوردستانیش کە بەشداربوون لە حکومەت هەستان بە پێشکەشکردنی پرۆژەیەکی چاکسازی لە ساڵی ٢٠٠٨ کە دەکرێت بە خاڵی دەستپێک دابندرێت لە دامەزراندنی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمدا( ).

پێش بزووتنەوەی گۆڕانیش لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری ئەو ڕۆڵەی گێڕا و بەیانێکی چاکسازی ٢٠ تەوەرەی تایبەت بە پرسەکانی گەندەڵی بڵاوکردەوە، ئەم قۆناغەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان پەرەسەندنێکی گەورەی لە ڕووی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمدا بەخۆوە بینی، ئەوەبوو کە چەند حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەسمی دروست بوون. پەیوەندییان بەیەکەوە بەرەوپێش چوو و ئاستی هەماهەنگی نێوانیشیان زیادی کرد. لیستێکی نوێ بە ناوی بزوتنەوەی گۆڕانەوە هاتە گۆڕەپانی سیاسی، سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا یەکێکە لەە تایبەتمەندیانەی کە جیای دەکاتەوە لە خولەکانی پێشوو، ئەویش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان بوو، ئەمەش بۆیەکەمین جار بوو ئۆپۆزسیۆن بەهێزێکی زۆرەوە بەشداری پڕۆسەی هەڵبژاردن بکات ، کە ئەمش کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر گۆڕانی ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی لیستەکان بە گشتی و لەناویشیاندا هەردوو پارتە دەسەڵاتادرەکە هەبوو، دواتر ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتی بەسەرداهات، بووە هۆی کارابوونی ڕەخنەی میدیای و گۆڕانکاری بەسەر میدیا داهات وبەرزبوونەوەی ئاستی  هۆشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری سیاسی لای هاوڵاتیان زیاتر بوو بزوتنەوەی گۆڕان بەسەرەتای دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دژ بە پارتە دەسەڵاتدارەکان لە هەرێمی کوردستان دادانرێت، سەرکردایەتی کردنی لەلایەن نەوشێروان مستەفا و بانگەشە بزوێنەر و فەنتازیەکانیان لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی و باشترکردنی دۆخی ئابووری هاوڵاتیان و بنەبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازی کردن لە سیستمی کارگێڕی و جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت و ئازادی ڕۆژنامەوانی و بیروڕای ئازاد... تاد. هۆکاربوون بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لە (٤٤٥٠٠٠) دەنگ و ٢٥ کورسی پەرلەمان، هەڵوێستی چوار ساڵی ئۆپۆزسیۆن بوونیان هۆکاربوو بۆ بەدەستهێنانی دەنگێکی زیاتر لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام بەهۆی بەهای کورسییەوە ژمارەی کورسیەکانی دەبێت بە (٢٤) کورسی پەرلەمانی( ).

بەدەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە دەسەڵاتە سیاسییەکەی نەگۆڕی، بەڵکو لە کۆکردنەوەی جەماوەر و ئاراستەکردنی داواکارییەکانی ئەم کۆمەڵگایە سەرکەوتوو بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشداری سیاسی لە کوردستاندا گۆڕانکاری بەرچاو بەخۆوەببینێت( ). هاوکات هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاریی لە نەخشەی سیاسی هێزەکاندا دروستکرد، بەو پێیەی هێزی ئۆپۆزسیۆنی لە کوردستان کاراتر کرد و کوردستانی کردە دوو بەرە، بەرەیەکیان دەسەڵاتە کە لە (پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی و چەند حیزبێکی

بچووک پێکهاتبوون) و لە دەسەڵاتی سیاسی بوون، بەرەی دووەمیش کە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو لەدەرەوەی دەسەڵات، پێکهاتبوو لە (زوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی)، بوون بە ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانەوە و بەشداری دەسەڵاتیان نەکرد( ). واتە پارتە دەسەڵاتدارەکانی ٢٠٠٩ – ٢٠١٣ هەمان پارتی دەسەڵاتدار نەبوون لە ساڵی ٢٠١٣ – ٢٠١٨. پارتە دەسەڵاتدارەکان لە حکومەت بوون ئۆپۆزسیۆنی بوون شەقامیان دەجوڵاند، بەشدارییان توندتر دەکرد، ململانێیان دەکرد پرۆسەی بەشدارییان دوچاری ئاشوب و هەندێ جار بێهانایی دەکرد.

## 5.5 لقی چوارەم

### پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە

دەسەڵاتی یەکەم (یاسادانان) پەرلەمان، هەڵبژێردراوی میللەتە. بۆیە پێویستە ئەوەی دەپاڵێوری بۆ پەرلەمانتاری چ بۆ سیستمی هەڵبژاردنی بازنەیی یاخود ڕێژەیی داخراو یان کراوە ئەوا دەبێت کەسەکانی لێهاتوو شیاوی نوێنەرایەتیەکە بن تاوەکو بتوانن کاری هەڵبژاردن جێبەجێبکەن، بەشداری لەتاوتۆکردنی یاسا و بڕیارەکان و ئەرکی چاودێری و بەدواداچوونی خواست و داواکاریەکانی هاوڵاتیان بکەن و پرسیار بە نوسراو زارەکی ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە پەیوەندیدارەکان بکەن و چاوپۆشی لە کەم و کوڕییەکان نەکەن، بەسداری پێکردنی خاوەن بڕوانامە باڵاکان داواکاریەکی جەماوەری بوو تا سنورێک بۆ پاڵێوراوا حیزبایەتی بڕوانامەکان دابندرێ( ).

لێرەوە دەمانەوێت لەڕێگەی خشتەی ژمارە (٤) دا ئەوە بخەینە ڕوو کە بەشداری سیاسی هۆشیارانەتر بوو تا ڕێژەی دکتۆرا و ماستەر و بکالۆریۆس زیاتر هەڵبژێرین لەوانی دیکە کە ڕێژەی ئەو سێ توێژە ٧٣،٧٪ ی پەرلەمان پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە ١٩)

ئاستی خوێندنی پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

| ژ | بڕوانامە | ژمارە | ٪ |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | دکتۆرا | ١٠ | ٪٨،٨ |
| ٢ | ماجستێر | ١٨ | ٪١٦،١ |
| ٣ | بکالۆریۆس | ٥٤ | ٪٤٨،٨ |
| ٤ | دبلۆم | ١٤ | ٪١٢،٦ |
| ٥ | ئامادەیی | ٩ | ٪٨،٣ |
| ٦ | ناوەندی | ٦ | ٪٥،٤ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٠) نەخشەی ئەندامانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی ناو پەرلەمان بە پێی بڕوانامەی زانستی

| پارتی سیاسی | ژ. ئەندامی پەرلەمان | جۆری بڕوانامە | | | | ڕێژەی ٪ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | دکتۆرا | ماجستێر | بکالۆریۆس | ئەوانی تر | |
| لیستی کوردستانی | ٥٩ | ٣ | ٨ | ٢٨ | ٢٠ | ٪٥٨،٤١ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٢٣ | ٣ | ٢ | ١٦ | ٣ | ٪٢٢،٧٧ |
| لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی | ١٣ | ٢ | ٣ | ٥ | ٣ | ٪١٢،٨ |
| ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری | ٢ | ١ | ١ | - | - | ٪١،٩٨ |
| بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان | ٢ | ١ | ١ | - | - | ٪٩٨،١ |
| ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی | ١ | - | - | ١ | - | ٪٠،٩٩ |
| لیستی تورکمانی هەولێر | ١ | - | - | - | ١ | ٪٠،٩٩ |

## 6. باسی دووەم

### تایبەتمەندیەکانی بەشداری سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەم

بێگومان هەر خولێکی پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە لەخولەکانی تری جیادەکاتەوە، هەر لەرووی سیستەمی هەڵبژاردنەوە تا دەگاتە ئەو میکانیزمەی کۆمسیۆن دەیگرێتە بەر لەچۆنیەتی خۆتۆمارکردنی کاندیدان و چۆنیەتی بانگەشەکردن و پاشانیش شێوازی هەژمارکردنی دەنگەکان و دیاریکردنی ڕێژەی کورسیەکان لە پەرلەمان. هەروەها بەو پێیەی خولی چوارەم پێکهاتەی پەرلەمانی شێوازی ڕێکخستنی هەڵبژاردن گۆرانکاری بەسەرداهاتووە، بۆیە ئێمە لەم داواکراوەدا بەتایبەت تیشك دەخەینە سەر هەموو لایەنەکانی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دەرەنجامەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش داواکراوەکەمان دابەشی سەر چەند لقێك کردووە. لەوانە: سیستەمی هەڵبژاردنی پەیرەوکراو، تۆماری دەنگدەران، ئاستی خوێندنی پەرلەمانتاران.ئەم خولەش لەم لقانە کورتدەکەینەوە کە پێک دێت لەمانەی خوارەوە:

## 6.1 لقی یەکەم

### سیستەمی هەڵبژاردنی پەیرەوکراو

بەپێی یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی( ٢٠١٣) یاسای هەموارکراوی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عیراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بە سیستەمی نیمچەکراوە بەدەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ و بەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەرێوەچوو( ) .پیادەکردنی شێوازی ڕاستەوخۆش خالێکی ئەرێنیە بەوپێیەی لەگەڵ بنەمای سەرەوەری گەل گونجاو و تەبا ترە، ئەمەش بەوەرچەرخانێکی ئەرێنی دادەنرێت، چونکە ڕێ وشوێنێکی لەم جۆرە لەتوانایدایە هانی قەوارە و لیستە کێبرکێکارەکان بدات لیستی پاڵێوراوانێک پێشکەش بکەن کە لەلایەن

سەرجەم توێژەکانی گەلەوە پشتگیریان لێبکرێت. ئەمەش بۆئەوەی پشتگیری جەماوەری زیاتر بەدەست بێنن بەتایبەتیش کاتێک هەرێم بە یەک بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت( ) .

## 6.2 لقی دووەم

### تۆماری دەنگدەران

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پشتی بە کارتەکانی خۆراک (کۆبۆن) بەستبوو، بەڵام بەهۆی سەدان هەزار ناوی مردوو و دووبارە وکەسانی دەرەوەی هەرێم ناویان لە تۆمارەکەدا هەبوو. لەپێناو پاک کردنەوەی ئەم تۆمارەدا لەخولی سێیەمدا بە بڕیاری ژمارە (١) ی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٣/٧/٧ لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە ٩ ئەندامی پەرلەمان لە لیستە جیاجیاکان پێکهات و دوای لێکۆڵینەوەی ورد و بەدواداچوون و دانیشتن لەگەڵ لایەنە و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەڵام هیچ کارێک بەم ڕاپۆرتە نەکرا، بەپێی دەکۆمێنتەکانی ئەو کاتە زیاتر لە ٩٥٠٠٠ مردوو ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا نەسڕاوەتەوە، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە ئەم جۆرە لە ساختەکارییە بە یاسایی بکرێت. لە ئەنجامدا هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەهەمان تۆماری پڕ لە ساختەکاری بەڕێوەچوو، وێرای گزی و ساختەکارییەکانی تر لەم دوو هەڵبژاردنەدا هەڵبژاردنەکانی (خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان) کە شاراوە نەبوو و هەم حزبە سیاسییەکان و هەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە چاودێر بوون دەستنیشانیان کرد و لەو سەردەمەدا باسیان لێوە کرد، تۆماری دەنگدەرانیش بەشێکی سەرەکی و هۆکارێکی ساختەکاری بوو. پەرلەمان هیچ لێپیچینەوەیەک و بەدواداچونێکی بۆ نەکردووە و هەر پێنج حزب وەک (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) کە نوێنەریان لە کۆمسیۆن هەیە، بەڵام هیچ کاتێک نوێنەرەکانیان بانگ نەکردووە لە کۆمسیۆن بۆئەوەی ئەم تۆمارە پاک بکەنەوە و لەڕێگەی خۆیانەوە فشار دروست بکەن. لەهەمان کاتیشدا هەریەکەیان چەند وەزیرێکیان لەم کابینەیەدا هەبوو بەڵام هیچ یاداشتێکیشیان لەم بارەیەوە نەنوسی( ).

## 6.3 لقی سێیەم

### پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە

لەم خولەدا ڕێژەی سێ توێژەکە واتە (دکتۆرا، ماجستێر و بکالۆریۆس) گۆڕاوە بۆ ٧٣،٨٪ ی ئەندامانی پەرلەمان بەبەراورد بە خولی سێیەم کە ڕێژەکە ٧٣،٧٪ ئەندامی پەرلەمانیان پێدەهێنا.

لێرەوە دەمانەوێت لەڕێگەی خشتەی ژمارە (١٦) و هێلکاری ژمارە (٦) وە پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەلایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە بۆ هەریەک لە ئەندامانی کە بریتیە لە: بکالۆریۆس (٤٦،٨٪) و دکتۆرا (١٧،١٪) و ماجستێر و دبلۆم و ئامادەیی (٩،٩٪) و ناوەندی (٦،٣٪) بخەینەڕوو، کە بەڕوونی جیاوازی نێوانیان لە ئاستی خوێندن و بڕوانامەکانیانەوە دیارە.

خشتەی ژمارە (٢١)

ئاستی خوێندنی پەرلەمانتارانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

| ژ | بڕوانامە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | دکتۆرا | ١٩ | ٪١٧،١ |
| ٢ | ماجستێر | ١١ | ٪٩،٩ |
| ٣ | بکالۆریۆس | ٥٢ | ٪٤٦،٨ |
| ٤ | دبلۆم | ١١ | ٪٩،٩ |
| ٥ | ئامادەیی | ١١ | ٪٩،٩ |
| ٦ | ناوەندی | ٧ | ٪٦،٣ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٢)

نەخشەی ئەندامانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی ناو پەرلەمان بە پێی بڕوانامەی زانستی

| پارتی سیاسی | ژ. ئەندامی پەرلەمان | جۆری بڕوانامە | | | | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دکتۆرا | ماجستێر | بکالۆریۆس | ئەوانی تر | |
| پارتی دیموکراستی کوردستان | ٣٨ | ١٠ | ٣ | ١٧ | ٨ | ٪٣٧،٦ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٢٤ | ٤ | ٣ | ١١ | ٦ | ٪٢٣،٧ |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٩ | ٢ | ١ | ١٠ | ٦ | ٪١٨،٨١ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ١ | ١ | ٦ | ٢ | ٪٩،٩ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ١ | ١ | ٤ | - | ٪٥،٩٤ |
| حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١ | - | - | - | ١ | ٠،٩٩ |
| لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | ١ | - | - | ١ | ٪١،٩٨ |
| لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | - | - | - | ١ | ٪٠،٩٩ |

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پارتە دەسەڵاتدارەکان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی بەشداری سیاسی کوالێتی لیستەکانیان باشترکردووە بە بوونی بڕوانامەی زانستی کاندیدەکانیان.

## 7. دەرەنجام

1. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، مەبەست لە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردن، دەرخستنی ئاستی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بەسەر ڕێژەی دەنگ و ژمارەی کورسی و ڕێژەی بەشداری سیاسی و ژمارەی لیست. پێویستە بەراوردکاریەکی گشتگیر بکەین بۆ هەردوو هەڵبژاردن لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.
2. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩دا، ژمارەی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستاندا(٢٤٨٥٢٤٨) دەنگدەر بووە، ئەمە لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ساڵی ٢٠١٣دا، بەرزبووەتەوە بۆ (٢٨٠٣٢٨٣) دەنگدەر، زیادبوون لە دەنگی پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان ڕێژەکەی بەرزترە وەک لە زیادبوونی ڕێژەی دەنگدەران لەکۆی گشتی دەنگەکان، جگە لە دەنگەکانی چوارچێوەی سیستەمی کۆتاکان، کە دابەزینێکی بەرچاوی تیادا ڕوویدا، نرخی کورسی لەنێوان هەردوو هەڵبژاردن گۆڕانی بەخۆیەوە بینیووە، بە ئاراستەی بەرزبوونەوە،

بەجۆرێک لەنێوان هەردوو هەڵبژاردن بەهای یەک کورسی پەرلەمان (١٢٤٧) دەنگ بەرزبووتەوە، سەرەڕایی دابەزینی ڕێژەی بەشداری لە ساڵی ٢٠١٣دا، لێرەدا دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەم بەرزبوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوە دەنگی هەندێک لایەنە بەشداربووەکان.

3. لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ساڵی ٢٠٠٩ بە لیستی داخراوابوو، هەندێک لەلایەنەکان بەشێوەی لیستی هاوبەش چوونە ناو پرۆسەکەوە ناتوانرێت ڕێژەی دەنگی ئەم لایەن بەدروستی بزانرێت، و لەم خولەدا سێ لیستی دیار بەتەنیا بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد، ئەوانیش بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبی شیوعی و بزووتنەوەی ئیسلامی بوون.

4. سەبارەت بە بزووتنەوەی گۆڕان، کەمترین هەڵکشان و داکسان لە دەنگەکانی ڕوویدا، لەنێوان هەردوو هەڵبژاردن بەم شێوەیە بوو، لە هەڵبژاردنی بە ڕێژەی (٢٢،٥٪) ی سەرجەمی کورسییەکان، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ بەڕێژەی( ٦،٠٢١٪) واتە ئاستی کورسییەکانی بەڕێژەی (٠،٠٩٪) کەمیکردووە، لەگەڵ ئەوەی ئاسی دەنگەکانی زیادی کردووە،

5. سەبارەت بزووتنەوەی ئیسلامی، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩دا، ڕێژەی (١،٠٩)دەنگی بەدەستهێنا، لەهەڵبژاردنی ٢٠١٣ دا دەنگەکانی زیادی کرد بەڕێژەی(١،٠١٪)، حیزبی شیوعی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩دا (١٥٠٢٨) دەنگی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ساڵی ٢٠١٣دا، دەنگەکانی کەمیب کردووە بۆ (١٢٣٩٢)، بەڵام ئەم کەمبوونەوەیە هیچ کاریگەری نەبووە لەسەر ژمارەی کورسی کە (١) کورسی بوو لە هەردوو هەڵبژردن.

6. ئەو لایەنانەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتی دابوون، خۆی لەچەند پارتێکی دیار دەبینێتەوە، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩دا، بەلیستێکی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەشداریکرد، ڕێژەی (٢٢،٢٥٪) بەدەستهێنا لە کۆی گشتی بەشداربووان، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣دا ڕێژەی دەنگەکانی بەرزبووەوە بە ڕێژەی (٢٦،٢٦٪) لەکۆی گشتی بەشداربووان، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی (٢١،٢٨٪) دەنگی لایەنە کوردییەکانی بەدەستهێنا، بەڵام لکە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣دا، دەنگەکانی کەمی کردووە بە ڕێژەی (١٢،٥٠٪).

7. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لە هەڵبژردنی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمانی کوردستاندا، (١٨٦٨٤١) دەنگی بەدەستهێنا، بەڕێژەی (٦،٦٦٪)، بەبەراورد بە هەڵابژردنی ساڵی ٢٠٠٩دا سەرکەوتوو بووە، توانیویەیەتی (٧٥٥٨٣) دەنگ بەدەست بێنێتەوە، کە لەئەنجامی دابەزین بەلیستی هاوبەش لەدەستی دابوو ئەم ژمارەیە یەکسانە بە (٩،٦٪) کۆی دەنگەکان.

8. کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٣ بە (٤٤٤٦٩) دەنگ زیادیکردووە.

9. حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بەهەمان شێوە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩دا بەلیستی هاوبەش بوو، بەڕێژەی (١،٤٩٪) لەکۆی دەنگدەران، لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ توانی (١٢٥٠١) دەنگ کۆبکاتەوە.

10. حیزبی زەحمەتکێسان، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩دا توانی ڕێژەی (٠،٧٤٪) کۆی گشتی بەشداربوان بەدەستبهێنێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ دا دوایی جیابوونەوەی لە مەکتەبی سیاسی لیستێکیان دروستکرد بەناوی ٠ئاڕاستەی سێیەم) بەشداربوون لە هەڵبژاردن توانیان (٨٦٨١) دەنگ کۆبکەنەوە.

Abstract

If democracy is one of the best ways to govern, active participation in the political process in general and the electoral process in particular will be given the best tools that will reflect the true will of citizens in government. This is one sign that the level of political power is measured by political participation in elections. In the Kurdistan Region, five different rounds of Kurdistan Parliament elections have been held so far, each with a level of participation in terms of number, all in terms of how it will change in the future. For this reason, the study of the framework for this change is of great importance, based on the purpose of the research, which is to compare these differences with each other, and the research was based on the question of whether political participation in the process was discussed through an advisory assessment between the third and fourth round elections. Isn't it? As an answer to this hypothetical question, by comparing the electoral process in the third and fourth rounds of the electoral process, it has won the electoral process, both in terms of the participation of political parties and all in terms of citizen participation in the voting process. The net method and comparison method for this search have been used and are generally divided into two parts. This is the electoral process in the Kurdistan region in general and the third and fourth rounds in particular. Also, political and special participation in these two minutes. As a result, the purpose of comparing the election results was found to be to show the level of changes in the number of votes, the number of seats, the rate of political participation and the number of lists.

## 8. سەرچاوەکان

**-بەڵگەنامەکان:**

بەرەی کوردستانی، بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، ١٩٩٢/٤/٨ .

**-یاساکان بە زمانی کوردی:**

بڕیاری ژمارە( ١)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەرا.ن.

بەندی ٨)ی یاسای چوارەمینجار هەموارکراوی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستانی، ژمارە ٩٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٤ .

ماددەی ١٧ لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥.

ماددەی ٢ لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥.

یاسای ژمارە ١٥)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمووارکراوی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عیراق ژمارە ١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ٢٠١٣/٦/١٩.

یاسای ژمارە( ٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عیراق ژمارە( ١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ٩٨)، ٢٠٠٩/٥/٤.

یاسای ژماره( ٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عیراق ژماره( ١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو .

یاسای ژماره( ٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عیراق ژماره( ١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.

یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عیراق ژماره ١ ی ساڵی ٢٠٠٥.

یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژماره( ١)ی ساڵی ١٩٩٢ ، مادده ٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق، یاسای ژماره( ٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکراوی یاسای ژماره( ١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ٢٠٠٤/١١/٢١.

**-بریارو نوسراوی فەرمی:**

پارتی دیموکراتی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، راپۆرتی بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی لاپەرە .

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، راپۆرتی بڵاونەکراوە، بە بێ ژمارەی لاپەرە

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن بەشی ئامار، راپۆرتی بڵاونەکراوە، بە بێ ژمارەی لاپەرە.

**-کتێبەکان:**

**-کتێبە کوردیەکان :**

بەدران ئەحمەد حبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان ١٩ ی ئایار ١٩٩٢ بەڵگە و دەستهاویژ)، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨.

تارا تەحسین ئەسعەدی، پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ٢٠٠٩ -٢٠١٣)، چاپخانەی شەهاب، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٣.

تارا تەحسین ئەسعەدی، پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ٢٠٠٩ -٢٠١٣)، چاپخانەی شەهاب، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٣.

تاریق جامباز، زمانە فەرمیەکان لە دەستوری وڵاتە فیدراڵیەکاندا، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

خامۆش عمر عبداللە ، چوارچێوەی دەستوری و یاسایی هەڵبژاردن، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦.

خامۆش عمر عبداللە ، مافی چارەنوسی هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ٢٠١٧.

سلێمان سمتەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠١٧..

شەماڵ عەبدوڵلا، عیراقی نوێ، مەکتەبی بیر و هۆشیاری ی.ن.ک، سلێمانی، ٢٠٠٥.

طارق جامباز، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، لە چاپکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٧.

کنێر عبداللە، بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان ساڵانی( ١٩٩١- ٢٠١٦)، چاپخانەی سەردەم، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٧.

محمّد حاجی محمود، رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی چوارەم ١٩٩٢ – ١٩٩٦، چاپخانە و ئۆفیسی دیلان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

محەمەد رەئوف، هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٤، چاپخانەی ناوەندی سارا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٨.

هۆگر ئیبراهیم حەکیم، سروشتی دیموکراتی لامەرکەزیەتی کارگێری، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٠١٧.

ئارام جەمال و د.دەرباز محەمەد، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی، پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردنKIE ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

**-پەتوکە عەرەبیەکان:**

د. محّمد كاظم المشهداني، القانون الدستوري: االدولة – الحكومة – الدستور، مؤسسة الثقافة الجامعية، الأسكندرية – مصر، ٢٠١١.

د. منذر الشاوي، فلسفة الدولة، دار ورد الأردنية للنشر والتوزيع، عمان – الاردن، الذاكرة للنشر ولاتوزيع، بغداد، .

د.حميد الساعدي، مبادئ القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق، دار الحكمة للطباعة والنشر، موصل، ١٩٩٠.

د.رشيد حماري الزيدي و يوسف محّمد صادق، المعارضة السياسية في اقليم كوردستان العراق: النشأة و المستقبل المركز العربي للأباث و دراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١٢.

د.سرهنك حميد البرزنجي، الأنظمة الانتخابية: ولامعايير القانونية الدولية لنزاهة الإنتخابات، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت - لبنان ، ٢٠١٥.

منذر الشاوي، الاقتراع السياسي: نظرية الدولة، منشورات العدالة، بغداد، ٢٠٠١.

الواردي ابراهيمي، النظام القانوني للجرائم الانتخابية – دراسة مقارنة، دار الفكر الجامعي ، الاسكندرية، ٢٠٠٨.

**-توێژینەوەکان**

**تێزی دکتۆرا بەزمانی کوردی:**

ئەحمەد رەفیق کەریم، ، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا لە فەلسەفەی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١٩.

**-نامەی ماستەر بەزمانی کوردی:**

بارزان جەوهەر سادق، بارزان جەوهەر سادق، متمانەی سیاسی بەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان – عێراق، تێزی دکتۆرا لەبەشی زانستە سیاسیەکان، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٠.

یاسین صالح حەمە، رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و کاریگەری لەسەر هەندێک لە رژێمە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین، نامەی ماستەر لە زانستە سیاسیەکان، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩.

**-نامەی ماستەر بەزمانی عەرەبی:**

هاژە کۆسرەت مجید ، المعارظة السياسية دراسة في تجربة إقليم كوردستان العراق خلال المدة ٢٠٠٩- ٢-١٣)، رسالة ماجستير في العلوم السياسية، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠١٤.

ياسين محمود عبابكر، دور الإنتخابات البرلمانية في عملية التحول الديموقاطي في العراق بعد ٢٠٠٣، رسالة ماجستير في العلوم السياسية، كلية القانون و السياسة، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠١١.

-تێزی دکتۆرا بەزمانی عەرەبی

أمين فرج شريف، الحكم الصالح في إقليم كوردستان العراق، اطروحة الدكتۆرا غيرمنشورة ،جامعة السليمانية، كلية القانون و السياسة ، السليمانية، ٢٠١٣ .

نيشتمان رشيد علي، الأنظمة الانتخابية للمجتمعات المنقسمة، اطروحة دكتوراه في فلسفة في العلوم السياسية / النظم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٢٠.

-توێژینەوە ئەکادیمییەکان (گۆڤاری زانستی) بەزمانی کوردی :

ڕاوێژ کامەران، سیاسەتکردن لە ناوچەی قەدەغەکراودا، گۆڤاری ڤین، ژمارە ١٨٢)لە ٢٠١١/١٢/١٠.

ڕێکەوت ئیسماعیل، بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کەوانە، سلێمانی، ساڵی یەکەم، ژمارە( ٤)تشرینی یەکەمی، ٢٠١١.

-توێژینەوە ئەکادیمییەکان (گۆڤاری زانستی) بەزمانی عەرەبی:

حازم عبدالحميد النعيمي، اشكالية النظام الانتخابي احنعكاساتة على تركيبة النظام الانتخابي في العراق، بحث منشور في مجلة مركز المستنصرية للدراسات الدولية، بغداد، العدد ٢٨)سنة ٢٠٠٩.

-سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

Ruud Hoff, Michiel Leezenberg, Pieter muller, Elections in Iraqi Kurdistan (May 19, 1992) An Experiment in Democracy, Netherlands Kurdistan Freindsip Society, Amsterdam, 1992.

JAMES DANLY, THE 2009 KURDISH ELECTION, INSTITUTE FOR THE STUDY of WAR: MILITARY ANDALYSIS AND EDUCATION FOR CIVILIAN LEADERD, JULY 23, 2009.

-مطبوعات الحكومية:

الجمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، بيانات انتخابات برلمان اقليم كوردستان،٢٠٠٩.

الجمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، بيانات انتخابات برلمان اقليم كوردستان،٢٠١٣.

الجمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، نتائج انتجابات لبرلمان اقليم كردستان لسنة ٢٠٠٩.

الجمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، نتائج انتجابات لبرلمان اقليم كردستان لسنة ٢٠١٣.

جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢.

جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢.

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، الدليل الانتخابي، تقرير غير منشور.

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، المكتب الواطني، بغداد، نتائج انتخابات برلمان اقليم كردستان، ٢٠٠٩.

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، بيانات انتخابات برلمان اقليم كوردستان،٢٠٠٩.

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، بيانات انتخابات برلمان اقليم كوردستان،٢٠١٣ .

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان ٢٠٠٥، بيانات غير منشور، بدون رقم الصفحة.

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان ٢٠٠٩، بدون رقم الصفحة .

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، احصائيات انتخابات برلمان اقليم كردستان العراق ٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة .

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان ٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة .

-ڕاپۆرتەکان

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدا، تۆماری دەنگدەران لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا: بەدواداچوونێکە سەبارەت بە تۆماری دەمگدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم)، سلێمانی، ڕاپۆرتی نۆیەم، تشرینی دووەمی ٢٠١٧.

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدا، چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، سلێمانی، ڕاپۆرتی دووەم،خولی چوارەمی پەرلەمان – گرێدانی ساڵی دووەم ١ی ئەیلولی ٢٠١٤ تا ٢٨ شوباتی ٢٠١٥.(

-ماڵپەرو بابەتەکانی تۆری ئەنتەرنێت:

الام المتحدة، نشر معلومات الامم المتحدة الانتخاب ٢٠٠٥،بەرواری سەردان، ٢٠٢١/٨/٢٥.

http://ihec.iq.com/ftpar/regulation%202005/other/2005_%20election) fsheet_ar.%20pdf28%20August%202011,%20p%2,30

خولی سێیەم ، ماڵپەری فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە www.khec.krd/dreje_about.aspx?jimare=290&type=9

د.چواس حەسەن، نەخشەی سیاسی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی دەنگدانی هاولاتیاندا، دیداری پەرلەمان و حکومەت لە هەرێمی کوردستان( ڕۆڵی پەرلەمان و حکومەت لە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان)، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، مێژووی بلاوکراوەی ئەلیکترۆنی ٢٠١٨/٩/٢٤ ، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/١٠، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە : www.rudaw.net/sorani/kurdistan/240920181?fbclid=IwAR0N3FRH0AgVHfl55TJ5agOCQkhSvprqcEKDypz7KIxEB8GschXRscQojIg.

4. غازی حارس، ناو و ژیانی وەزیرەکانی کابینەی هەشت، ماڵپەری ڕووداو، مێژووی بلاوکراوە ٢٠١٤/٦/١٨ ، کە بەردەستە لەم لینکەی خوارەوەدا: بەرواری سەردان ٢٠٢١/٨/٢٩ www.rudaw.net/sorani/kurdistan/180620145-amp

5. قارەمان عەلی، ئارەزووی دەنگدان لای تاکی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا: لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەنێوان چوار هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستاندا، سلێمانی ، زنجیرە بلاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ، ژمارە ٢٥) ، نیسانی ساڵی ٢٠١٨، سایتی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە ، مێژووی بلاوکراوەی ئەلیکترۆنی ٢٠١٨/٤/١٤، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٢/١٩. بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە :

www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1334&fbclid=IwAR2

1z6k91DCgJ71hXX8nJOipxqM9tHZG5U9Fy8fpXPZ7RSXmDI-cQ3qEpn8

6. مێژووی هەڵبژاردنی خولی چوارەم ٢٠١٣، پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان کە بەردەستە لەم لینکەی خوارەوەدا: بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٥ www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-4/

7. مێژووی هەڵبژاردنی خولی دووەم ٢٠٠٥، پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان کە بەردەستە لەم لینکەی خوارەوەدا: بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٥ www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-2

8. مێژووی هەڵبژاردنی خولی سێیەم ٢٠٠٩، پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان کە بردەستە لەم لینکەی خوارەوەدا: بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٥ . www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-3/

9. مێژووی هەڵبژاردنی خولی یەکەم، ١٩٩٢، سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان کە بەردەستە لەم لینکەی خوارەوەدا: بەرواری سەردان ٢٠٢١/٨/٢٧ .

www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-1/

10. ئەندامانی پەرلەمان بۆ خولی سێیەم ساڵی٢٠٠٩، سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان کە بەردەستە لەم لینکەی خوارەوەدا: بەرواری سەردان ٢٠٢١/٨/٢٧ . www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-3/